# گەمەی پشت بەردەکان



لە بەردستانی
کەنار دەریایەکی بەتاڵ
بۆ جێکردنی چایەکی رەش
خەمەتەڕەکانم
ئاگرناگرن
منداڵێک لە چاوەکانمدا
باسی رووت بوونەوەی دایکی ئەکات
لە ئامێزی قەیرەکان
لەنێو دەستی ئەوانەی وەکو خۆی بێوەژنن
هەرزەکارێک
بە دەستەکانم شیعر ئەنووسێ
بۆ ئەو بەردانەی
بە ئاو مژین پڕن

پڕن وەک مەمکی دەسگیرانەکەی
ئەو مەمکانەی
پەنجەکانم خەنی ئەکەن
کچێکی هەژدە بەهار
لەگەل دایکی
هەر هەموو جلەکانی بەریان
کردە بەر بەردەکان
دایکی ئەیگووت
پێستی سپیت
بەو قژە کال و درێژە
لە چاوانی ئەو بشارەوە
ئەویش
سەیری پرچی بڕاوی دایکی ئەکرد
لە دوورەوە
هەورێکی رەش رەش مانگی چواردەی هەلگرتبوو
خێرا خێرا
ئەهاتە پێش
هێند هاتە پێش
تابینیمان
کەچەلێکی بەرگ لە موو
پەنجەکانی دەستی چەپی دەمی مقەست
دەستی راستیشی
مووسێکی تیژ
ئەیتراشی و ئەیبڕیەوە
ئەیبڕیەوە و ئەیتراشی
هەرچی موو هەبوو
بۆ یادگاری لە جەستەی خۆی کۆی کردبووەوە
مندالەکە
لە چاوانم هاتە دەرێ و
لە سەر بەردەکان گالتەی بە کەچەل ئەکرد

له پشته‌وه
مووه‌كانی رائه‌كێشان
هه‌رزه‌كاره‌كه
نه‌یده‌زانی له كوێنده‌ری ده‌سگیرانی خۆی بشارێته‌وه
ده‌سگیرانیش
ووشه ته‌ڕه‌كانی
شیعره ته‌واونه‌كراوه‌كه‌ی ئه‌و ئێواره‌می ئه‌دزی و
به پیته موو وه‌رێنه‌كان خۆی ته‌ڕ ئه‌كرد
كچه‌كه‌ش
له په‌نای به‌رده‌كانه‌وه
قژی خۆی وه‌ک په‌رده‌ی شانۆ بۆ ئه‌كردمه‌وه
به خه‌نده‌یێكه‌وه لێی ئه‌پرسیم
داهێنانه‌كه‌ی برێختت خوێندۆته‌وه
له‌و كاته‌دا
فیته و هه‌رای هه‌مووان
تێكه‌ل ئه‌بوو
به ئاوازی ئاخ و ئۆفی دایكی
هه‌ر هه‌موویان هه‌لئه‌په‌ڕین
له‌گه‌ل هه‌لپه‌ڕینی سه‌رجیجكانه‌ی قژ بڕاو له ناوقه‌دی كه‌چه‌ل
كه‌چه‌ل
له سه‌ر پشت چاوی له‌و عاشقه بوو
ته‌نها دایكی ئه‌یگووت شێته
وا چه‌ند شه‌وه
ئه‌م عاشقه
بۆ چایه‌كی ره‌ش لێم تۆراوه
بۆ جگه‌ره‌یه‌كی داگیرساو
مانی گرتووه
هه‌ر چه‌ند ئه‌كه‌م
له نێو خه‌ونه ته‌ڕه‌كانم
خه‌مه‌كانم ئاگر ناگرن

وا خەریکە عاشقە شێتەم لە یاد ئەچێ و
لە شانۆیەکی برێختیانە
خۆم ئەدۆزمەوە

هەندرێن حەمەدەمین
٢ی١ی٢٠٠٦
Handren88@hotmail.com